پەروەردگارم پەیمانی پێدام کە حەفتا هەزار لە ئومەتەکەم بکاتە بەهەشتەوە بە بێ لێپرسینەوە وبە بێ سزادان، و لەگەڵ هەر هەزارێک لەوانە حەفتا هەزاری تر، وسێ پڕچنگ لە پڕچنگەکانی پەروەردگارم

لە ئەبی ئومامەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پەروەردگارم پەیمانی پێدام کە حەفتا هەزار لە ئومەتەکەم بکاتە بەهەشتەوە بە بێ لێپرسینەوە وبە بێ سزادان، و لەگەڵ هەر هەزارێک لەوانە حەفتا هەزاری تر، وسێ پڕچنگ لە پڕچنگەکانی پەروەردگارم».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە پەروەردگار -سبحانه وتعالى- پەیمانی ئەوەی پێداوە کە حەفتا هەزار لەم ئومەتە بچنە بەهەشتەوە بە بێ لێپرسینەوە وبە بێ سزا، وحەفتا هەزار لە گەڵ هەر هەزارێک لەم حەفتا هەزار دەچنە بەهەشتەوە، واتا هەر کەسێک لەم حەفتا هەزارەی سەرەتا حەفتا کەس لەگەڵ خۆی دەباتە بەهەشتەوە، وخوای گەورە بە پڕچنگی پیرۆزی خۆی سێ پڕچنگ لە مسوڵمانانی ئەم ئومەتە دەکاتە بەهەشتەوە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8282